**The Centre of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# دەبێت مۆنمێنت و یاداوەری و گۆڕستانی قوربانیانی ئەنفال لە قورسایی کارەساتەکە بێت

**جەماوەری کوردستان**

**کەس و کاری ئەنفالکراوان**

**بە پێی هەواڵێك دوێنێ بڵاوکراوەتەوە , سەبارەت بە فەرمی ناسینی 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال و گرنگی دان بە مۆنمێنتی ئەنفال لە هەولێر لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستانەوە, لە بەشێکی هەواڵەکەدا هاتووە :** "پێشنیوەڕۆی دوێنێ 2007/4/4، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بەسەرۆکایەتیی نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، لەتەلاری ئەنجومەنی وەزیراندا کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کرد.
" گفتوگۆ لەسەر ئەوەش کرا کە مۆنیۆمێنتی ئەنفال لەهەولێری پایتەخت زیاتر بایەخی پێبدرێت و بەرەوپێشببرێت، بۆئەوەی ببێتە موزەخانەیەك کە هەموو ڕووداوو بەڵگەکان لەخۆبگرێت لەسەر ئەو تاوانە گەورەیەو ئەنفال لەیادی تاکی کوردستانیان و نەوەکانیدا بمێنێت. تاووتوێی ئەوەشکرا کەهێمایەك بۆ ئەنفال لەهەریەك لەو شوێنانە دروستبکرێت، کەئەنفالی لێ ئەنجامدراوە "

**ئێمە وەك ناوەندی چاك سەرباری دەستخۆشیمان لەوەی 14-4 بە فەرمی بە ڕۆژی ئەنفال ناسرا و ئەنفال بکرێتە بەشێك لە پرۆسەی خوێندن , وەلێ سەربارەت بە بوونی مۆنمێنتی ئەنفال لە شاری هەولێر پێمان وایە , شاری هەولێر ئەو شارە کورد پەروەرەیە لە دیرۆکی کۆن و نوێدا , ناوەندی بەدەمەوە هاتنی لێقەوماوان و ئاوارەکان بووە , کەس ئەو هەموو میهرەبانییەی شاری هەولێرو هەولێرییەکانی لە دوای ساڵی 1988 لە یاد ناچێتەوە , کە بەرامبەر بە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و هەڵەبجە و بارزانی و قەڵادزێیەکان نواندیان , ئێستاش کە ئێمە ڕایدەگەیەنین نابێت مۆنمێنتی سەرەکی ئەنفال و گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوان لە شاری هەولێر بێت , مانای ئەوە نییە لە پێگەی ئەم شارە خۆشەویستەمان وەك پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمبکەینەوە, بەڵکە داواکەمان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە پێویستە مۆنمێنتی سەرەکی ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوان لە چەقی قورسایی کارەساتەکان بێت و بە ویستی کەس و کاری قوربانیان جێگەکەی دیاریبکرێت , ئەمە نەریتی باوە لە هەموو کۆمەڵگاو وڵاتێکدا کە کارەساتی لەو چەشنەی تێدا ئەنجامدراوە , هەڵبژاردنی ناوچەیەکی نزیك لە شاری کەرکووك بۆ ئەو مەبەستە , کە چەقی قورسایی قوربانیانە زیاتر ئەو کارەساتە بە کەرکووك و کەرکووك بە کوردەوە گرێ دەدات , بۆیە ئێمە بەباشی دەزانیین مۆنمێنتی ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوان لە چەقێکی نزیك بە**

**قورسایی کارەساتەکە بێت , ئەویش ناوچەیەکی دەڤەری شاری کەرکووکە , ئێمە هەڵبژاردنی شاری هەولێری خۆشەویست  بۆ ئەو شوێنە بە تەواوی  ڕەتدەکەینەوە , داواش لە کەس و کاری قوربانیان دەکەین هەمان هەڵوێست بگرنە بەر , دەبێت مۆنمێنتی ئەنفال و گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوان لە چەقی کارەساتەکان بێت .**

**ناوەندی چاک**

**2007-4-7**